

# کوردەکانی موسڵ داوای لەسێدارەدانی سەدام دەکەن

**بەڵقیس تەها – موسڵ**

●فەیرۆز کە خانمێکی کوردی دانیشتوی شارۆچکەی بەعشیقەیە و 7 کەس لە خێزانەکەی لە شالاّوی ئەنفالدا سەرنگوم کران. لەگەڵ ئەوەدایە کە سەددام و دارودەستەکەی لە سێدارە بدرێن. بەعشیقە دەکەوێتە 30 کم لە باکوری خۆرهەلاّتی موسڵەوە لەدامێنی چیاکانی هەرێمی کوردستان، نەتەوە و گروپ گەلی جۆراوجۆری تێدا نیشتەجێن و خەڵکی ناوی عێراقی بچوککراوی لێ دەنێن.

سەرەڕای ئەو کۆستە گەورەیەی کە بەهۆی ئەنفالەوە لێی کەوتوە، فەیرۆز بە تراژیدیای ماڵێکی دی ئاشنای کردین کە کوڕە گەنجەکەیان لەبەرچاوی دایکیدا گوللەباران کراوە. دایکی (ئەیاد) کە هێشتا ئەو ئێوارەیەی ساڵی (1988)ی لە یادەوەریدا نەسڕاوەتەوە کە بە عەمودەکەی نزیك ماڵیانەوە کوڕەکەیان بەستەوە و لە بەرچاویدا گوللەبارانیان کرد و سەرەڕای ئەوەی نەیانهێشت تەعزیەی بۆ دابنێ پارەی فیشەکەکانیشیان لێ سەندەوە. ئەو بە هەردوو دەستی بە توندی بە سنگی خۆیدا دەکێشا وەك ئاماژەی جەرگبڕانێکی سارێژ نەبوو هاواری دەکرد "دەمەوێت لە تۆڵەی کوڕەکەمدا لەسێدارەدانی سەددام و پیاوەکانی بە چاوی خۆم ببینم.. لەنێو خێزانە کوردەکانی بەعشیقەدا هێشتا چیرۆکی تراژیدی زیاتر هەن، بەسوێ تر لە ئازارەکانی فەیرۆز و دایکی ئەیاد.

(دایکی وەسیم) ئەو ژنە بەتەمەنەیە کە بە تاقی تەنها لە خێزانێکی (14)کەسی دەرچوە و ئێستا بە تەنیا دەژی. ئەو وتی " ڕۆژێك (13) کەسی خێزانەکەمیان بردو ئیتر نەگەڕانەوە" دایکی وەسیم ساڵانێکی زۆر چاوەڕێی گەڕانەوەی خێزانەکەی بوو بەلاّم دوای ڕوخانی ڕژێم بۆی دەرکەوت کە ئەوان بە زیندوویی لە بیابانی عەرعەردا لە چاڵ نراون. ئەو ڕای وابوو لە پای ئەو تاوانانەدا سزای لەسێدارەدان هێشتا کەمە". لەنێو ڕای گشتی عەرەبیدا لە موسڵ خەڵکانێکی زۆر هەن کە پشتگیری لە داوای برا کوردەکانیان دەکەن و لەسێدارەدانی سەددام و قەرەبووکردنەوەی کەسوکاری ئەو قوربانیانە بەپێویست دەزانن.

ئەحمەد ئەلجومەیلی کەسەرۆکی یەکێك لە ڕێکخراوە عەرەبیە مرۆڤدۆستەکانی شاری موسڵە وتی " داوای سەختترین سزا بۆ سەددام و قەرەبوکردنەوەی قوربانیانی ئەنفال دەکەین" سەعد ئەلعوبێدی توێژەری ئەکادیمی دەڵێت " پێویستە کۆتایی بە دۆسیەی سەددام بهێنرێت و لەسێدارە بدرێت بۆ ئەوەی لاپەڕەیەکی نوێ لە مێژووی سیاسی عێراق هەڵبدرێتەوە و کۆتایی سەردەمی دڕندایەتی بێت"

دکتۆر حونەین قەدۆ ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە لیستی ئیئتیلافی یەکگرتوو وتی " من پێم وایە ڕەوتی بەڕێوەچوونی دادگاییکردنەکەدادپەروەرانەیە و لەسەر خەڵکی بە گشتی پێویستە دانی پێدا بنێن بۆ ئاشکرا کردنی ئەوەی دادگای عێراقی دادپەروەرە و سەرەڕای ئەنجامدانی تاوانە دزێوەکان بە گشتی لەلایەن سەددامی تاوانبارەوە دەرهەق بە گەلی عێراق و بە تایبەتیش گەلی کورد لە کوردستانی عێراقدا هەروەها وتی پێویستە لەسەرمان خۆڕاگر بین لە پێناوی گەیاندنی پەیامێکی ڕوون و ئاشکرا یە هەموو ئەو کەسانەی کە دەیانەوێت بە ئاگر و ئاسن حوکمی گەلەکەیان بکەن و لەم ساتەوەختەدا گەلی عێراق چاوەڕێی دەرکردنی سزایەکی دادپەروەرانەیە دەرهەق بەم تاوانبارە کە خوێنی عێراقییەکانی بەناحەق ڕشت"

سەلوا حامید پارێزەرێکی موسلاّوییە، سەرنجەکانی خۆی بەمشێوەیە خست ڕوو " من بڕوام وایە ئەم دادگاییکردنە زیادەیە و ئێمە ئاواتەخوازبوین سەددام ودارودەستەکەی لەهەمان ڕێگا سزا بدرێن کە هاولاّتییانیان پێ سزا داوە و، من پێم وایە ئەم دادگاییکردنە بە فیڕۆدانی کاتە و هیوادارم سەددامی تاوانبار لە سێدارەبدرێ بۆ ئەوەی ببێتە پەند بۆ عێراقیەکان"

کاردانەوەکانی کوردەکانی موسڵ دەربارەی دادگایی کردنی سەددام لەسەر دۆسیەی ئەنفال دەدوێت. کەسوکاری کوردە ئەنفالکراوەکان لە موسڵ .. داوای لە سێدارەدانی سەددام دەکەن لەسەر تاوانەکانی..